# بەریۆنەیکس

Baryonyx =Bear-ee-On-ix




بەریۆنەیکس

مانای وشەی بەریۆنەیکس، بە واتای تیژ چەنگوڕـە .

## تایبەتمەندی :

بەریۆنەیکس دایناسۆرێکی دڕندەی گۆشتخۆر بووە، کە دەگەڵ خزمانی هاوچەرخی خۆیان جیاوازییەکی پڕتایبەتیان بووە. تەنانەت دەکرێ بگوترێت کە بەیرۆنەیکس ترۆپۆدێکی نائاسایی بووە.

ئەم چەشنە دایناسۆرە بە دوو شەویلکەی درێژ و باریکیانەوە و بە ژمارە و تیپی ددانەکانیانەوە، چوونەوە سەر ڕەدەی کرۆکۆدیلەکان و لە ئەوان دەچن.



فۆسیلی کاژەڵە سەر و شەویلکەکانی بەریۆنەیکس



کاژەڵە سەر و دوو شەویلکەی کرۆکۆدیل

وێچوویی تیپی ددان و شەویلکەکانی بەریۆنەیکس و کرۆکۆدیل.

بە سەر دوو شەویلکە درێژ و باریکی بەریۆنایکس ـ ەکانەوە، 96 وردە ددانی مشاری و ددانەدار جێی گرتبوو، کە هەم لە باری شێوەی شەویلکەکانیان و هەمیش لە ئالی ژمارەی زۆری ددانەکانیانەوە دەگەڵ ترۆپۆدەکان دا جیاوازییان هەبووە. بەیرۆنەیکس ـ ەکان یەک و نیو هەندی ترۆپۆدەکان ددانیان لە دەم دا هەبووە.



شەویلکەی سەر و خواری بەیریۆنەیکس ـ ەکان دوو ڕیزە ددانی ورد و ددانەداریان بە سەرەوە بووە، کە ژمارەیان گەیشتۆتە 96 دانە.
سەر و سەکوت و شێوەی دەم و ددانەکانی بەیریۆنەیکس زیاتر چۆتەوە سەر سیستەمی کرۆکۆدیلەکان.

باڵ و باسکی ئەو چەشنە دایناسۆرە کورت و قوڵە بوونە. یەکێک لە پەنجەکانی ئەو گیاندارە ، نینۆکێکی چەنگوڕ تیژ و بڵیندی بە سەرەوە بووە، کە هەر ئەو چەنگوڕە بەرز و تیژانەشیان ناوی (بەیرۆنەیکس)ی پێ داون. هەر یەک لە چەنگوڕە تیژەکەی بەیرۆنەیکس ، نزیک بە(30 سانت) درێژ بووە.



نینۆک و چەنگوڕە تیژەکانی سەر پەنجەی بەیریۆنەیکس، دەگەڵ شەویلکە درێژ و باریکەکانی، نمودیێکی تایبەتیان بەو چەشنە دایناسۆرە بەخشیبوو.

ملی بەریۆنەیکس بە پێچەوانەی ترۆپۆدەکانی تر، کە کەوانی و هاوشێوەی پیتی لاتینیی (S) بووە، هی ئەمان درێژ و ڕاست و ڕەپ بوونە. دوو قاچی پاشەوەیان لە دووی پێشوویان بەرزتر بووە و توانیویانە لەسەر دوو پێیان بەرز ببنەوە.



ملی بەریۆنەیکس ـ ەکان بە پێچەوانەی ئەندامانی تری بنەماڵەیان، کە کەوانی و هاوشێوەی پیتی لاتینیی (S) بووە ، هی ئەمان درێژ و ڕاست و ڕەپ بووە.

دوو قاچی پاشەوەی بەریۆنەیکس لە دووی پێشوویان بەرزتر بووە و توانیویانە لە سەر دوو پێیان بەرز ببنەوە .

درێژایی ئەندامی بەیرۆنەیکس ـ ەکان لە تەپڵی سەریانەوە هەتا بنەی ئاخری کلکیان، نزیک بە (نۆ مەتر و نیو) و قورسایی لەشی زەختە و پتەویان نزیکەی دووهەزار کیلۆ بووە.

## سەردەمی ژیانی بەیرۆنەیکس :

ئەم چەشنە دایناسۆرە، گیاندارانی سەردەمی کرەتاسیوسی کۆن بوون، واتە زەمانی ژیانیان دەگەڕێتەوە بۆ 125 ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستاکە.

**دەرووەی کرەتاسیوس**

**144 – 65 ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا**

چەشنی گوڵداری دار و درەخت و گژ و گیا دەست بە ژیان دەکەن .
مەزنترینی چەشنەکانی دایناسۆر گەشە دەکەن .
لە ئاخر و ئۆخری ئەم دەورەیەدا بووە ، کە گیاندارانی مەزنی وەک دایناسۆر بەهۆی ڕوودانی کارەساتێکی سروشتی ، یەکجی تێدا دەچن .

دەورەی کرەتاسیوس 3 سەردەمە

| نوێ | نێوەڕاست | کۆن |
| --- | --- | --- |
| 89 – 65 ملیۆن ساڵ پێش | 127 – 89 ملیۆن ساڵ پێش | 144 –127 ملیۆن ساڵ پێش |

## تیپی ددان و خورد و خۆراکی بەیرۆنەیکس :



تیپی ددان و شەویلکە درێژ و باریکەکانی بەیریۆنەیکس

بەیریۆنەیکس گیاندارێکی گۆشتخۆری دڕندەی زۆرخۆر بووە. چەشنە فۆسیلێکی ئەم دایناسۆرە دۆزراوەتەوە کە لە ورگی دا خۆراکی فۆسیلەبوو بیندراوەتەوە. لە فۆسیلی خۆراکی ناو زگیدا گەلێک ئێسقان و پوڵەکە ماسی و تەنانەت ئێسقانی بەچکە کرۆکۆدیلی نیوە خوراویشی تێدا بووە. ئەمە پشتی ئەو بۆچوونە ڕاست

دەکاتەوە و دەسەلمێنێت کە بەیریۆنەیکس ـ ەکان دایناسۆرانی ماسی خۆر بووبن و شوێنی ژیانیان کەنار دەریا تەنکەکان و دەور و بەری چۆماو و گۆماوەکان بووە.
لە سەردەمی ئێستادا، هەر ئەو جۆرەی ورچەکان بۆ ڕاوە ماسی خۆ بە چەم و ئاوان دا دەکەن و ماسی دەگرن، بەیریۆنەیکس ـ ەکانیش بەیارمەتیی پەنجەی چەنگوڕدار و وردە ددانە تیژەکانیان خەریکی ڕاوەماسی بوون.



دوو شەویلکەی دوور و درێژ و 96 ددانی ورد و تیژ و پەنجەی چەنگوڕداری بەیریۆنەیکس، کۆمەڵە تایبەتمەندییەک بوون کە سروشت بۆ ڕاوە ماسی پێی خەڵات کردبوو.

دەم و ددان و شەویلکەی درێژی بەیریۆنەیکس هاوتیپی کرۆکۆدیلەکان، بەڵکە لە هی ئەوانیش توند و بەتواناتر بووە. لەبەشی سەرووی دەمیاندا، 32 ددان و لە هی خوارەوەیان دا 64 ددانی ورد و تیژ بووە، کە ددانەکانی سەروویان درێژتر بوونە.




بەریۆنەیکس و ڕاوەماسی یەکەی.

## شوێنی دۆزینەوەی فۆسیلی بەیرۆنەیکس :

ساڵی 1983 فۆسیل ناسی ئینگلیزی (ویلیام واڵکر) لە مەڵبەندی (سورای)ی ئینگلیس دا فۆسیلکێکی ئەم چەشنە دایناسۆرە گۆشتخۆرەی دۆزیوەتەوە. ئەو فۆسیلە یادگاری یەکەم دایناسۆری گۆشتخۆرە، کە لە برتیانیا دۆزراوەتەوە.




لە هەموو ئەندامەکانی لەشی ئەم چەشنە دایناسۆرە ، هەتا ئێستا، بەس (70%)ی دۆزراوەتەوە.

ساڵی 1987، دوو دێرینەناسی ئینگیزی (ئەنجەللا میلنەر) و (ئالەن کاریج) ، ئەم چەشنە دایناسۆرەیان ناو لێنا.



ئەنجەللا میلنەر ـ ئالەن . ج . چاریگ



بەریۆنەیکس











چەند وێنەیەک لە چەنگوڕە تیژەکانی سەرپەنجەی بەیرۆنەیکس







فۆسیلی بەیرۆنەیکس

++++